# یاسای دژە تیرۆر لە کوردستان
# لە تیرۆری گروپەوە بۆ تیرۆری دەوڵەت

**خەمان زرار** " لە پشت ئەم پرۆژە یاسایەوە ئیرادەیەکی سیاسی هەیە نەک یاسایی "
**هەندرێن شێخ عوسمان** "دادگا و پۆلیس لە ئاستی ئەوەدا نین تەفسیرێکی بێ لایەنانە بۆ ئەو یاسایە بکەن "
**عەبدولقادر شەشۆیی** " یاسایەکی تۆقێنەرە "

راپۆرتی هێمن باقر و یاسین عومەر
راهێنراوی iwpr



سەرەڕای نارەزایەتی چالاکوانانی مافی مرۆڤ ، پەرلەمانی کوردستان یاسای دژە تیرۆری پەسەند کرد

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمان بەتوندی ڕووبەڕووی ڕەشنووسی پرۆژە یاسای دژەتیرۆر دەبنەوە کە لە مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە پێشنیار کراوە تاوەکو ببێتە بنەمای یاسایەك بۆ ڕوبەڕوبونەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەی تیرۆردا.

دەرکەوتنی باندێکی تیرۆریستی لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئەیلولی ساڵی ڕابردوو شۆکێکی گەورەی دروستکرد لەلای خەڵکی کوردستان و بەرپرسانی حکومەتی هەرێم ،چونکە بۆ یەکەمجاربوو لە مێژوی ئەو شارەدا باندێکی لەوجۆرە دەربکەوێت.

کەناڵە کوردییەکان ئەو کاسێتە تۆمارکراوانەیان پیشانی جەماوەردا کە لەشوێنی دەستگیرکردنی ئەندامانی گروپەکە دەستی بەسەردا گیرابوو.

دیمەنەکان ئەوەیان دەخستە ڕوو کە چۆن ئەندامانی ئەو گروپە تیرۆریستیە هەڵدەستان بەکاری سەربڕین و لەتلەتکردن و ئەشکەنجەدان وکاری سێکسی لەگەڵ ئافرەتان و تەنانەت نێربازی لەگەڵ یەکتریدا.

دەرکەوتنی ئەو دیمەنانە لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە ترس و بێمتمانەیی زۆری لەلای خەڵکی دروستکردو حکومەتیشی خستە بەردەم حاڵەتێکی ئیحراجکەرەوە،بەتایبەت کەدەرکەوت چەند کەس لە ئەندامانی ئەو گروپە ئەفسەری پلە بەرز و متمانەپێکراوی حکومەت و دەسەڵات بوون .

دوابەدوای ئەو ڕوداوە جەماوەر چاوەڕێی هەڵوێستێکی دڵنیایی بەخشی دەکرد لەحکومەت، هەربۆیە سەرۆکی هەرێمی

كوردستان مەسعود بارزانی پەرلەمانی كوردستانی راسپارد بۆ دەركردنی یاسایەكی تایبەت بەدژایەتیكردنی تیرۆر، پەرلەمانی كوردستان یەكەم رەشنوسی ئەو یاسایەی لەمانگی كانونی یەكەمی ساڵی 2005 خستە بەردەم رای گشتی بۆ راگۆڕینەوە و تاوتوێكردنی.

لەیەكەم دانیشتنی پەرلەمانی كوردستاندا بۆخستنەڕوو و گفتوگۆی ئەو پرۆژە یاسایە بەبەشداری نوخبەیەك لەنوێنەرانی كۆمەڵگەی مەدەنی چالاكەكانی بواری مافی مرۆڤ، پرۆژەیاساكە رووبەڕووی رەخنەو رەتكردنەوەیەكیچاوەڕوانەكراو بوویەوە لە لایەن بەشدارانی ئەو كۆبونەوەیەوە و بەیاسایەكی توندوتیژیان لەقەڵەم داو پێیان وابوو بەناوی رێگەگرتن لەتیرۆری كەسان، تیرۆری دەوڵەت دروست دەكات.

خەمان زرار ئەندامی پەرلەمانی كوردستان لەسەر لیستی سەوز ،دەڵێت"ئەو پرۆژە یاسایە بواری ئەوەی تێدایە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەكار بهێنرێت بۆ كۆنترۆڵكردنی نەیارەكانی"

پرۆژەیاساكە لە 17 بەندو چەند برگەیەك پێكدێت كەتیایدا كردەی تیرۆریستی و جۆرەكانی دیاری دەكات و لە بەرامبەریشدا سزا بۆ هەریەكێك لەو كردەوە تیرۆریستیانە دادەنێت بەپێی جۆرو ئاستی بەرپرسیارێتی كەسەكان ،كەلەنێوان سزای ئیعدامكردن و 15 ساڵ زیندانیدایە .

ئەوەی كە زۆر جێگای رەخنەی توندی نەیارانی ئەو پرۆژە یاسایە بەندی دووەم و سێیەمی مادەكەیە كە هەركردەیەكی تێكدان و لەكارخستنی كەل و پەل یان بینای هەر دامەزراوەیەكی حكومی یان حیزبی یان دامەزراوە نەوتیەكان و وێستگەكانی كارەباو بەنداو و ئاوەڕۆكان بەكردەی تیرۆریستی دادەنێت، ئەگەر مەبەست یان پاڵنەری تیرۆریستی لەپشتەوە بێت ،یان بلاوكردنەوەی وتارو بابەت یان كاسێتی دەنگی و وێنەیی كەببێتە هۆی ئەنجامدانی كردەوەی تیرۆریستی یان هانی جەماوەر بدات بۆ ئەو مەبەستە ، لەمەشدا دەسەڵاتی تەفسیركردنی دەقەكان دراوەتە دادگاكان كە مەبەستی تیرۆریستی كردەیەك لە مەبەستێكی ناتیرۆریستی جیا بكەنەوە ،لەكاتێكدا زۆربەی خەڵك لەم بارودۆخەی ئێستادا بەگومانەوە دەڕواننە سەربەخۆیی و بێلایەنی دادگاكان .

هەندرێن شێخ عوسمان ،پارێزەر دەڵێت"لە وڵاتی ئێمە نە دادگا لەئاستی ئەوەدایە كە تەفسیرێكی بێلایەنانە بۆ ئەو یاسایە بكات نە دەزگای جێبەجێكردنیش ئەوەی لێڕادەبینرێت كە لەژێر پاساوی ئەم یاسایەدا مافەكانی مرۆڤ پێشێل نەكات "

هێشتا یادەوەری خەڵكی كاڵ نەبۆتەوە بەرامبەر بڕیاری دادگایەكی شاری هەولێر لەدوومانگی رابردوودا كە سزای 30 ساڵ زیندانی بە سەر دكتۆر كەمال سەید قادر دا سەپاند لە بەرامبەر نووسینی وتارێكی رەخنەگرانە لەسەر ژمارەیەك بەرپرسی حیزبی و حكومی و دواتر لە ژێر فشاری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی دادگای تێهەلچوونەوە بڕیارەكەی هەڵوەشاندەوە .

پارێزەرانی مافی مرۆڤ لە كوردستان جەخت لە سەر ئەوە دەكەن، گەر ئەو یاسایە جێبەجێبكرێت تارادەیەكی زۆر ئازادییە كەسیەكان بەرتەسك دەبنەوە ،هەربۆیە لە هەوڵی پرۆتستۆكردنی پرۆژەكەو بە ئاگاهێنانەوەی كۆمەڵن لەسەری .

"یاسایەكی تۆقێنەرو توندوتیژە،جێگای مەترسیەو بەگومانەوە بۆی دەڕوانین " عەبدولقادر شەشۆیی، پارێزەر لە وەزارەتی مافی مرۆڤ وای ووت .

عەونی بەزاز جێگری سەرۆكی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی كوردستان ئەو قسانە بەدوور دەزانێت و دەڵێت" ئەم پرۆژە یاسایە بۆ بەرگریكردنە لەژیان وسەلامەتی هاولاتیان نەك بە پێچەوانەوە "

بەزاز ووتی "لە هەموو حاڵەتێكدا رەچاوی مافەكانی مرۆڤ و دادپەروەری دەكرێت و هیچ شێوازێك بەكار ناهێنرێت كە پێچەوانەی بنەما نێو دەوڵەتیەكان بێت "

دیاریكردنی سزای لە سێدارەدان لەو پرۆژە یاسایەدا جێگای رەخنەی ئەو رێكخراوانەیە كە لەسێدارەدان رەتدەكەنەوە و ئاماژە بەوەدەكەن یاساكە هیچ ئاماژەیەكی ئیسلاَحی تێدانییە .

هەندرێن شێخ عوسمان ئاماژە بەوە دەكات هیچ پێویستیەك لە ئارادا نییە بۆدەركردنی یاسایەكی لەم جۆرە ،چونكە یاسای (جەزائی) عێراقی هەمووئەوشتانەی تێدایە كە ئەوان لە یاسای دژە تیرۆردا دیاریان كردووە .

خەمان زرار لەگەڵ جەختكردنەوەی لەسەر ئەو بۆچوونە، لەو باوەڕەدایە"ئیرادەیەكی سیاسی لەپشت ئەو پرۆژە یاسایەوەیە نەك ئیرادەیەكی یاسایی.

بەڵام عەونی بەزاز جەخت لە سەر زەرورەتی یاساكە دەكات و دەڵێت"تیرۆر دیاردەیەكی جیهانیەو لە هەمو دەوڵەتێكدا یاسای تایبەت هەیە بۆ رووبەڕووبونەوەی ، هەرێمی كوردستانیش كە بەشێكە لە عێراق لە ناو شەپۆلێكی گەورەی كاری تیرۆریستیدایە ،بۆ رێگەگرتن وكۆنترۆڵكردنی پێویستمان بە یاسایەكی لەم جۆرە هەیە".

شێخ زانا كە لەگەڵ 10 كەسی دیكە لە هاوكارانی چەندین تاوانی تیرۆریستیان لەسەر ساغ بۆتەوە لەدوادانیشتنی دادگادا بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچوو .

*** ئەم رێپۆرتاژە بۆ سایتی iwpr ئە نجامدراوە لەبەر زیندویی بابەتەكە دابەزاندنیمان لێرەدا بە پێویست زانی .**